شاخەوان عەبدوڵڵا جەختیکردەوە لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان

ئەمڕۆ یەک شەممە "شاخەوان عەبدوڵڵا"جەگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران،بەردەوامبوون لە ڕەکارە یاساییەکان سەبارەت بە ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان پشتڕاستکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جەگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- ئەمڕۆ یەکشەممە "شاخەوان عەبدوڵڵا" جەگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەڵ وەفدی موختارەکان لە عێراق ئەنجامدا .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-لە کۆبوونەوەکەدا باس لە کارەکانی ئەم توێژە گرنگە و دەستبەرکردنی مافەکانیان کرا بەمەبەستی زیاتر هاندانیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان لە چوارچێوەی سنوری ناوچە و کارەکانیان، هەروەها بەرزکردنەوەی ڕۆڵی موختارەکان وەک پێیوەندییەک لەنێوان هاوڵاتی و حکومەتدا.

بەگوێرەی بەیاننامەکە"شاخەوان عەبدوڵڵا"جەختی لە ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کردەوە بە بەردەوامبوون لە ڕەکارە یاساییەکان سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای موختارەکان ژمارە (13)ی ساڵی 2011.